ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## شمشێر {2} ، فۆتۆشۆپ ..

نووسەر: @:

پاش ئەوەی لە درووست کردنی شمشێرەکە بووینەوە ، ئێستا دەست دەکەین بە کاریگەرییەکان لەسەری تاوەکو شێوەیەکی جوانی بدەینێ (بە کورتی‌یەکەی : لە شمشێر بچێت) .
تاوەکو بابەتەکە زۆر درێژ نەکەینەوە و خوێنەر بێزار نەبێت لە خوێندنەوەی و ئاسان بێتە پێش چاوی ، تەنها چاو لە وێنەکان بکە و نرخەکان وەک خۆی دابنێ ، وە ڕەنگەکانیش چاو لێ بکە ، ئەگەیتە ئەنجام بە دڵنیاییەوە .
1. سەرەتا دەست دەکەین بە کاریگەری لەسەر شمشێرەکە بە تەنها ئاسنە نووک تیژەکە، چینی ئاسنە نووکتیژەکە دیاری بکەو لە لیستەی Layer >> Layer Style >> Blening options هەڵبژێرە ، پاشان لەو پەنجەرەیەی بۆت دەکرێتەوە Inner Shadow هەڵبژێرە :




2. هەر لە هەمان پەنجەرەدا لای چەپ Satin هەڵبژێرە :




3. پاشانیش Color Overlay هەڵبژێرە :




4. دوای کاریگەرییەکان بەم شێوەیە دەبێت پارچە ئاسنە نووک تیژەکە :



5. ئەو بەشەی بە پارچە ئاسنەکەوە نووساوە دیاری دەکەین (بە کرتە کردن لەسەر چینەکەی)، پاشان لە لیستەی Layer >> Layer Style >> Blending options هەڵدەبژێرین و دواییش Outer Glow هەڵبژێرە :



6. پاشان Inner Glow هەڵبژێرە :




7. دواییش هەر لەهەمان پەنجەرەدا Gardient Overlay هەڵبژێرە :




8. وێنەکە دوای کاریگەرییەکان :




9. ئێستا کرتەی چینی دەسکی شمشێرەکە بکە و پاشان چینێکی نوێ درووست بکە و نرخی Fill بگۆڕە بۆ 0% پاشان چینێکی تریش درووست بکە و بە هەمان شێوە نرخی Fill بگۆڕە بۆ 0% :






10. ئێستا کرتەی چینی دەسکی شمشێرەکە بکەو لە لیستی Layer >> Layer Style >> Blending options هەڵبژێرە و پاشانیش Gardient Overlay و Pattern Overlay هەڵبژێرە ، چاو لە وێنەکان بکە :






11. وێنەکە دوای کاریگەرییەکان :



12. ئەو چینە دیاری بکە کە دروستمان کرد یەکەم چین لە خاڵی 9 ، دوایی Layer >> Layer Style >> Blending options هەڵبژێرە و پاشانیش Gardient Overlay هەڵبژێرە و لە لای ڕاست Gardient کرتە بکە و پەنجەرەیەکت بۆ دەکرێتەوە بەو شێوەیەی لە وێنەکەدا دیارە چاوی لێ بکە ( بۆ Location هەرچی ڕەنگی ڕەشە لە 0% 20% تاوەکو 100% و بۆ ڕەنگە سپییەکان لە 10%، 30 % تاوەکو 90% دابنێ لە وێنەی دووهەمدا ) :









13 . پاشان کرتەی چینی دووهەم بکە کە درووستمان کرد لە خاڵی 9 دا :




14.ئەوەی ماوە کرتە کردن لەسەر چینی کۆتایی شمشێرەکە و پاشانیش Layer >> Layer Style >> Blending options هەڵبژێرە و دواییش Satin و Gardient Overlay هەڵبژێرە :







15. دوای ئەو خاڵانەی کە باسمان کرد لەگەڵ کاریگەرییەکان وێنەکە لە کۆتاییدا بەم شێوەیە دەبێت :




16. بۆ ئەوەی جوانتر دیار بێت و ڕەونەقی دەرکەوێت بە هەندێ دەستکارییەوە بەم شێوەیە شمشێرەکەی SAMURAI دەرچوو :




هیواخوازم ئاسان بێت لاتان و بۆ هەر پرسیارێکیش ئامادەم.

هاوکار >> hawkarshwan@gmail.com

بەشی یەکەم >>

کـــــــــۆتـــــایـــی

Oct 2005 31

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت